# کێشەی کورد لەڕوانگەی شیعەی ڕادیکاڵەوە ..!

## کەمال ڕەئوف

پێش ڕووخاندنی دەسەلاتی بەعس، حیزبەکوردییەکان بەتایبەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان گرەویان لەسەر ئەوەدەکرد کەگوایە بەشێك لەخەڵكی کورد بەمەزهەب شیعەن و لەڕێگەی ئەم کوردە شیعانەشەوە دەتوانرێت سەرنجی دەوڵەتی شیعەمەزهەبی ئێرانی بەلای خۆیاندا ڕاکێشرێت بۆ ئەوەی دەسەلاٌت چاوی بەزەیی بچێتە سەرکورد و ئەو حیزبەی کەچەند ئەندامێکی پلەبەرزو چەند کادرێکی شیعەمەزهەبی تێدایە, هەربۆیە گرتن و بەرەسمی ناسینی تەقس ومەراسیمەکانی ئەم مەزهەبە بەئامادەیی نوێنەرانی ئێران وکردنەوەی حوسێنیەکەی چەقی سلێمانی وفوکردنە هەندێك کەسایەتی ناوحیزب لەسەر بناغەی ئەوەی کەبەمەزهەب شیعەن , بووە بەشێك لەو دبلۆماسیەتە سەقەتانەی کورد کەبۆ ماوەیەك نیشانی دەرەوەی داوەو هەوڵدرا بکرێنە بناغەی پەیوەندیکردن وسەرنج ڕاکێشانی دەسەلاٌتدارانی مەزهەبی شیعە لەئێران و عێراقدا .

موقتەدای سەدر کەئێستا دەمراستی بەشێك لەخەڵكی شیعە لەناوەڕاست وخوارووی عێقدا دەکات , دەیەوێت ئەوەمان بۆ بسەلمێنێت کەخۆی بەنوێنەرو مەرجەعیەتی باڵی ڕادیکاڵ وزۆرینەی ئەو مەزهەبە دەزانێت بەو خەڵکە کوردەشەوە کەبەمەزهەب شیعەن , هەربۆیە لەخووتبەکانی نوێژی هەینیەوە ئامۆژگاریمان بۆ دەنێرێت و پێمان دەڵێت کەواز لەداوای فیدراڵیەت بهێنین وپەیوەست ببینەوە بە بیرو ڕای حەوزەکانەوە, چونکە ئەو لای وایە ئەو داوایە لەئاکامداجوولەکە سودی لێوەردەگرێت و بەقازانجی برایەتی نێوان کوردو عەرەب ناشکێتەوە , ئێمە بۆ ئەوەی بەبەڵگەوە قسەبکەین چەند نمونە لە خووتبەکەی هەفتەی ڕابردووی دەهێنینەوە تاکوبزانین کە چۆن موقتەدا لە کوردو کێشەکەی دەڕوانێت و چۆن خەڵك لەدژی هان دەدات و چ گەڕێکی تێ ئاڵانووین .

**أقول وحسب ظني أن هذا القرار صدر في هذا الوقت بالذات للتغطية على ما نصبته أمريكا حاكماً على العراق الذي يقول أن العراق يجب أن يكون حكومة فيدرالية بناءاً على طلب الأكراد مع شديد الأسف وهذا ما يريده الاسرائيليون لأن دولتهم قائمة على ذلك فنقول للأكراد**

**كفاكم ابتعاداً عن أخوانكم العرب، وأن لا تسيروا قدماً في خطط الاستعمار ولا تستعينوا بهم بل استعينوا باخوانكم في الحوزة اولى لكم فهل أنتم منتبهون وأن كنتم قد رأيتم شيئاً من العرب فهم أنما أتباع صدام الملعون وهم ليسو بعرب ولا عراقيين ولا مسلمين.**

لەم بەشە لەقسەكانیدا دەردەكەوێت كە ئەو دەیەوێت كورد بەوە تۆمەت بار بكات كە مادام باسی فیدراڵی دەكات ئەوا ئیتربەشێوێن جێبەجێ كردنی پیلانێكی یەهودیەوەیە واتە كورد بەدەسیسەی ئەوان دەیەوێت سستەمی فیدراڵیەت لەعێراقدا بسەلمێنێ تاكو عێراق تووشی دابەشكردن و لاوازكردن ببێت، وەپاشان دەڵێ:

**ومن هنا ادعوا جميع القادة ان يكونوا احراراً لا تحت لواء الباطل وحق النقض الأمريكي وسوف نؤسس مجلساً ولنسميه مجلس شورى يضم جميع الأديان والأعراف والقوميات تحت اسم (عراقيين) وسأرسل وفداً إلى الشمال لمناقشة مشروعهم وأخيرا على العراقيين التنديد بالقراريين هما تقسيم العراق واعتبار صدام اسير حرب وذلك بالطرق السلمية وهي المظاهرات وقد تم التنسيق مع حزب الدعوى وفيلق بدر لتكون موحدة وسيكون موعدها الثلاثاء صباحاً ان شاء الله .**

لەم بەشەش لەقسەكانیدا ئەوە ئاشكرا دەبێت كە ئەو لەناخەوە هیچ بڕوایەكی بەچارەسەركردنی كێشەی كورد نییەو تەنانەت ناشیەوێت یان ئارەزووی ناكات ناوی كوردستانیش بەزوبانیدا بهێنێت و دەڵێت وەفد دەنێرم بۆشیمال , سەددام بەهەمووئەو گیانە دیكتاتۆریانەیەوە نەی دەتوانی نكۆڵی لە خاكێك بكات ناوی كوردستانەو نەی دەتوانی نكۆڵی لەبوونی كورد وەك نەتەوە بكات , هەربۆیە جاران گەر بیوویستایە باسی كوردستان بكات یان ناوی سەركردەیەكی كورد بهێنێ لای شەرم نەبوو بڵێت ناوچەكانی حوكمی زاتی و كوردستان یان فلان , بەلام ئەم بەرێزە ناوهێنانی كوردیشی وەكو میلەتێك لاگرانە , بڕوانن چۆن هەق بەخۆی دەدات وەفد ڕێكبخات و بینێرێت بۆشیمال تاكو مناقەشەی پەشیمان بوونەوەمان لەگەڵ بكات لەسەر داوای فیدرالیەت . لەدوای ئەم خوتبەیەی موقتەداوە لەهەموومزگەوتەكان و شوێنە ئاینیەكانی تری سەر بەمەزهەبی شیعە خۆڕێكخرا بۆ دژایەتی كردنی خواستی فیدراڵی و لەسەر لافتەكانیان بەئینگلیزی نووسرابوو , ئێمە دژی هەموو ئەوانەین كەدەیانەوێت وولات دابەش بكەن و

تەفرەقە بخەنە ناومانەوە , ئەمەلەگەڵ ئەوەی لە مزگەوتەکانیشەوە بەئاشکرا پاشگرەکانی موفتەدا کەوتنە دژایەتی کردنی خواستی فیدرالیەت وهاندانی خەڵك بەم شێوەیە.

**وقال مجيد الطرفي احد ممثلي مقتدى الصدر نتظاهر ضد الفدرالية لاننا شاهدنا حصيلة ذلك في يوغوسلافيا، الفدرالية فكرة اسرائيلية تهدف الى تقسيمنا .وقال الشيخ حسن الزرقاني احد ممثلي مقتدى الصدر نريد شعبا وبلادا وارضا ودينا. وقال متحدث باسم مقتدى الصدر في المدينة الشيخ جلال الحسناوي نريد التنديد بمطالب الاكراد بالاستقلالية ورفع شعار الفدرالية.**

ئێستا ماوەتەوە بپرسین لە وحیزبانەی کە دوێنێ کوردە شیعەکانیان لەمەراسیمەکاندا کۆدەکردەوەوحیزبەشیعەکانیشیان لەکوردستان خزمەت دەکرد , ئایائێستا دەتوانرێت دەنگی هەمان ئەو کوردە شیعانەو ئەوانی تریش کۆبکەنەوە تاکو بەناوی هەمووانەوە وەڵامی هەموو ئەوانە بدەینەوە کە بەناوی حەوزەو مەزهەبی شیعەوە دەیانەوێت بەربەخواستی خەڵکی کورد بگرن وکورد بەوە تۆمەتباردەکەن کەدەسکێش ودەسیسەی جوولەکەو ئیستعمار بێت ؟ یان دەتوانرێت لەڕێگەی دۆستایەتی و پەیوەندیەکانی حیزبە شیعەکانەوە کۆنترۆڵی ئەو هێرشە ناڕەوایە بکرێ کە ئەمرۆ شیعەی ڕادیکاڵ و موفتەداییەکان دەیکەنە سەر خەڵکی کورد و خواستەکانیان؟ یان دەبێت ئەمجارەش میدیاو سیاسەتی حیزبە کوردییەکان خۆیان لەبەرامبەر هەموو ئەو تۆمەتانەدا بێدەنگ بکەن و ئەم سیاسەت و مجامەلەیەش ناوبنێن دبلۆماسیەتی حیزبی کوردی ؟